www.kurdistannet.org
28-12-2005 21:57بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نامەیەکی کورت و کراوە بۆ کاک عومەر فارس ... ڕزگار گوڵەباخ

ماڵپەڕی کوردستان نێت، کە سەرقافڵەی ماڵپەڕەکان و ڕێچکە شکێنی بواری سایتی ئەلەکترۆنی بوو، نووسەر و قەڵەم بە دەستێکی زۆر ڕوویان تێکرد و لەسەر ڕوپەلەکانی بەرهەمەکانیان بڵاودەکردەوە.

پاش مەوەیەکی تر و لەگەڵ سەرهەڵدانی مەڵپەڕێکی تردا، ئیتر دەرگای دژایەتی کردنی کوردستان نێت خرایە سەر پشت و بڵاو کردنەوەی چەندین بۆختان و تەنانەت سوکایەتی کردن بە بەڕێز بەرپرسی ماڵپەڕەکە بوە ئامانج. بێگومان سەرکەوتوویی کوردستان نێت و کۆبوونەوەی نووسەر و ڕۆشنبیرێکی زۆر لە دەوری کوردستان نێت. هۆکاری ئەو دژایەتی کردنەبوون. کار گەیشتە ئەوەی لە شەوێکدا و لە داوەت کردنی بەرپرسی کوردستان نێتدا لە یەکێک لە ژورەکانی ماڵپەریکی تردا دەیان قسەی ناشیرین و دەیان تۆمەتی سەر بە لایەنێک درایە پاڵ بەرپرسی کوردستان نێت.

ئەوەی بۆ من و بۆ چەندانی تری وەک من بوەتە جێگەی پرسیار ئەوەیە:

کە لەدوای ئەو ئێوارە دانیشتنەوە، بە داخەوە ماڵپەڕی کوردستان نێت، بە ئاقارێکی تردا بە ڕێکەوت. ئاقارەکەش ئەوەیە، کە لەو کاتەوە زیاتر بابەتی دژایەتی کردن لە سەر لایەنیکی دیاری کراو بڵاو دەکاتەوە، وەک ئەوەی کە پاکانەیەکی موحتەرەمانە بێت، بۆ ئەوەی کە بەرپرسی کوردستان نیت بیسەلمێنێت، کە ئەو تۆمەتانە ڕاست نین و ئەو سەر بە و لایەنە نییە.
ئەو شێوازی بیر کردنەوەیە زۆر هەڵەیە، چونکە ئەوەی تۆی بەسەر بە لایەنێک تاوانبار کردووە و تاوانبارت دەکات، ئەوا دڵنیابە، مانگی بۆ دابگریتە سەر سینی، ئەو هەر ئەوەت پێ دەڵێت، کە تا ئێستا پێی ووتوویت. هەر بۆ خۆشی و بۆ زانیاری زیاترت، دوێنی هەمان کێشەم لە هاوڕێیەکی دێرینی خۆمدا باس کرد، یەکەم قسە و دوا قسەی بەدەق ئەمەبوو" جاخۆ هەموو کەس دەزانێت، کە عومەر فارس پاراستنە". ئەمەت بۆیە بۆ دەنووسم، بۆ ئەوەی بزانیت، کە ڕای خەڵکی ناگۆڕاوە و ناشگۆڕێت، گەر سەدان نوسراوی تر دژی لایەنیک بڵاو بکەیتەوە!!
لەلایەکی ترەوە، ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە، کە ئەو دەستانەی لە پشت ئەو گەمەیەوەن و هانی ئەوەیان داوە، هەر خۆیان لە ژێر ناوی تردا و لەژێر بابەتی تردا دەیان بابەت و نووسینی قێزەونت بۆ دەنێرن و لە سەر ڕووپەلی کوردستان نیت بڵاو دەکرێنەوە. چەندین کەس کە ماڵپەڕێکی تردا دژایەتیت دەکات و قسەی ناشیرێنت ئاراستە دەکات، بە ناوی خوازراوەوە، بابەتت بۆ دەنێرێت و بەرێزێشت بۆی بڵاو دەکەیتەوە. واتە ئەو بە بەردێک دوو چۆلەکە دەکوژێت، یەکەم، ئەوەی مەبەستییەتی دەینوسیت و بۆی بڵاودەبیتەوە، وە دووەم، کار بۆ لەکەدار کردنی بێلایەنی و سەرکەوتوویی کوردستان نێت دەکات. ئەوەیە وای کردووە، کە کەسانی وەک من و کەسانی تریش ئەوە سەرنجیان ڕابکێشێت، کە بۆچی ماڵپەری کوردستان نێت، ئاوای بەسەر هاتووە و دەرگای بۆ جنێو دان

و سوکایەتی کردن و بوختان دروست کردن خستۆتە سەر گازەرای پشت و بە بێ سێ و دوو هەموو ئەو نوسینانە بڵاودەکاتەوە. بە داخەوە، دیارە سەرقاڵی سۆری کارکردن بۆ بەڕیوەبردنی ماڵپەرەکە و کات نەبوونی خوێندنەوەی بابەتەکان وا دەکەن، کە نەتوانیت، بە ئاسانی ئەو جۆرە نووسینانە بناسیتەوە.

بەڕیز کاک عومەر فارس

هیوادارم کە کوردستان نێت، هەر بە پێشەنگی بمێنێتەوە و نەبێتە سۆنگەی پەخشکردنی جنێودان و سوکایەتی کردن و بوختان دروست کردن، چونکە ئەرکی ڕۆژنامە نووسی مێژووییە و کاری لەسەر ئاستی نەتەوە هەیە، بە تایبەتی بۆ نەتەوەیەکی پەرت و بڵاوو و بێ وولاتی وەک نەتەوەی کورد.

هیوادارم کە ماڵپەڕی کوردستان نێت، بە بێلایەنی بمێنێتەوە و کاری نێگەتیڤی بەسەر پرۆسەی نەتەوەییەوە نەبێت و ببێتە ماڵپەڕیکی بێ وینە و بێ بەش لە جنێودان.

ڕزگار گوڵەباخ / بەرلین